ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/374169569

# ڕۆڵی زمان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا (بۆنە ئایینەکان بە نمونە)

**Article** *in* مجلة الباحث · June 2023

CITATIONS
0

READS
5

**2 authors:**

Rabar Said Mina
University of Raparin
**4** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

Hawsar Nawzad
University of Raparin
**2** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Hawsar Nawzad on 15 June 2024.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# ڕۆڵی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا (بۆنە ئاینیەکان بە نموونە)

م.ی.ڕابەر کاکەڕەش سیدمینە
rabar.kakarash@uor.edu.krd
زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێجی پەروەردە
د.هاوسەر نوزاد فقێ ابراهیم
hawsar@uor.edu.krd
زانکۆی ڕاپەڕین/کۆلێجی پەروەردە

پوختە:

زمان هۆکاری دەربڕینی بیرۆکەکانی مرۆڤە، بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتی ئاخاوتنی مرۆڤ دەگۆڕێت ، هەروەها پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ زۆر بەهێزە ،لەلایەکی ترەوە زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندی نێوان زمان و هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکانی زمان دەکۆڵێتەوە ، پاشان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی زمان و پەیوەندییە زمانیەکان لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەستنیشان دەکات.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا)یە، کە باسی ((بۆنە ئاینیەکان بە نموونە))کراوە، هەروەها لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە لەبەشی یەکەمدا باسی زمان بەگشتی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی کراوە، جگە لەمەش پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ خراوەتە ڕوو ، پاشان باسی شێوازە بنەڕەتییەکانی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ کراوە، سەرباری ئەمەش زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ڕوونکراوەتەوە، دواتریش لەبەشی دووەمدا ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان باسکراوەهەروەها باسی ڕۆڵی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا کراوە، پاشان لە دواتەوەرەدا بۆنە ئاینیەکانیش وەکو نموونە وەرگیراوە، لەکۆتاییشدا خاڵەگرنگەکانی ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

کلیلە وشەکان: (ڕۆڵی زمان ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، بۆنەی ئاینی ، زارەکانی زمان ، پرۆسەی پەیوەندی، نیشانە کۆمەڵایەتییەکان).

## بەشی یەکەم: ناسندی زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی:

### ١-١: ناساندنی زمانەوانی کۆمەڵایەتی:

بەگشتی کۆمەڵ بەبێ زمان نابێت، زمان هۆی دەربڕینە، بابەتێکی مرۆیی گرنگە، بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، هەرواها مرۆڤ لە ژینگەی ژیانیەوە فێری زمان دەبێت.(محمدبەهار ، ٦).لەلایەکی ترەوە پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ زۆر بەهێزە،بۆیە بە گەشەسەندنی باری کۆمەڵایەتی زمانیش گەشە دەکات،هەروەها بەهۆی پێوەندی بەهێزی نێوان زمان و کۆمەڵ کۆمەڵناسی هاوچەرخ دەستیانکرد بە دانانی لقێکی تری زانستی کۆمەڵناسی کە لە زمانی کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە ئەویش کۆمەڵناسی زمانەوانییە، بەپێبۆچوونی زمانەوانان و کۆمەڵناسان هەردو چەمکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی زمانەوانی،هاوشێوەن و تەنها جیاوازییەکی کەمیان هەیە.هەروەها دەتوانرێت بوترێت کام زاراوەیان مەبەست بیت دەخرێتەوە پێشەوە، کاتێك لێکۆڵینەوە لەلایەن زمانەوانێك بکرێت ئەوا چەمکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی بەکاردێنێت، بەڵام ئەگەر لێکۆڵینەوەکە لەلایەن کۆمەڵناسێکەوە ئەنجام بدێت ئەوا چەمکی کۆمەڵناسی زمانەوانی

بەکاردێنێت.(بەشیر،٢٠٠٧،٤٣)،سەرەڕای ئەمەش بایەخی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی زمان وای لە زمانەوانان کرد کە گرنی بە لقێکی تازەی زمانەوانی بدرێت بەناوی زمانەوانی کۆمەڵایەتی.(سەلام ، نەریمان ،٢٠٠٩،١٨).

بەڕای زمانەوانان زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە پێوەندی نێوان زمان و هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی زمان دەکۆڵێتەوە، هەروەها پەیوەندییە زمانیەکان لەدەوروبەری کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەستنیشان دەکات.(pan,2007,3).

هەروەها ئەم لقەی زمانەوانی زانستێکە لێکۆڵینەوە لە پێوەنی نێوان دیاردە زمانی و کۆمەڵایەتییەکان ،ماوەی کاریگەربوونی زمان بە دابو نەریت و سیستەمە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان دەکات(مطر،١٩٨٥،١١٦).زمانەوانی کۆمەڵایەتی تەنها وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری زمان دەکات و لێی دەکۆڵێتەوە.(علی،حمدامین،٢٠٠٧:٣٢).

سەرەڕای ئەمانەش ڕۆڵی ئەم لقەی زمانەوانی لە زماندا زۆر بایەخدارە چونکە مرۆڤ تەنها بە پشتبەستن بە ئەزموونی تاکەکەسی خۆی ناگاتە ئەنجام دەربارەی دروست بەکارهێنانی زمان.

زموونی کاسی سەرچاوەیەکی سنووردارە بۆ لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان لەکۆمەڵدا.هەروەها لێکۆڵینەوە لە ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان دەکات.بەهۆی لێکۆڵینەوەی شێوەی بەکارهێنانی ئاخاوتنی خەڵك لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی جیاوازدائەم لقەی زانستی زمانەوانی زانیاری زۆر وردی دەربارەی زمان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەست دەکەوێت.گرنگی زۆری بۆ ئەو کەسانەی کە لە هەوڵی فێربوونی زمانێکی دیاریکراون هەیە، هەروەها گرنگی بەلێکۆڵینەوەی ئەو دەوروبەرە دەدات کە زمانەکەی تێدا بەکارهاتووە.هەروەها ئەم لقە گرنگە بۆ هەرکەسێك خواست فێربوونی زمانی هەبێت کە لە ئاستێکی سەرەتایی تێگەیشتنیش بێت،چونکە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ،بۆیە زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە پێوەندی نێوان زمان و کەلتوریش دەکۆڵێتەوە.(Kennedy,2017,5).

١-٢:پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ:

زمان و کۆمەڵ پێوەندییەکی قووڵ و بەردەوامیان لەگەڵ یەکدا هەیە، زمان ئامرازی دەرخستنی ئاستی کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکەیە کە قسەی پێدەکات، واتە زمان ئامرازێکی کاریگەرە بۆ گوزارشکردنی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان، هەرواها زمان ئەنجامی بریەککەوتنی کۆمەڵایەتییە، بەهێزترین هۆی پێکەوەبەستی تاکەکانی کۆمەڵە.(حمە ڕشید ،٢٠١٢:٣٦).

واتە زمان هۆکاری گرنگی بنیاتنانی پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانە، شارەزایانی بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی کاریان گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەی پێوەندییە جیاوازەکانی نێوان زمان و کۆمەڵ، زمان بنەمای کۆمەڵە لەناو کۆمەڵدا لە کاردایە، زمان بێ کۆمەڵ هیچ ڕۆڵێکی نامێنێت. زمانەوانی کۆمەڵایەتی دەتوانێت پێوەندی گرنگی نێوان زمان و کۆمەڵ ڕوون بکاتەوە، چونکە ئەم دوو لایەنە تەواو بەیەکەوە گرێدراون، هەروەها ئێمە لە دەوروبەری جیاوازی زمانیدا بەشێوەی جیاواز قسە دەکەین و زمان بەکار دەهێنین.(Nica,2019:3).واتە قسەکەر بەپێی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا وشە و دەستەواژەکان دەردەبڕێت لێکدانەوەیان بۆ دەکات.

مرۆڤ لەکاتی بەکارهێنانی زماندا پەیام و ئامانجی دیاریکراوی هەیە، زمانیش پێوەندی بەهێزی بە کۆمەڵەوە هەیە گۆڕانکاریە زمانیەکان لە کۆمەڵدا ڕاستەوخۆ ڕەنگدەدەنەوە، بەپێی ڕای زمانەوانان پێڕەوێکی زمانی هەیە بریتییە لە کۆد،هەروەها بەرئەنجامی ڕەهەندی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان ، بەهۆی کردەی قسەکردنەوە لە پێوەندی ئەم دوو پێکهاتەیەدا قسەکەر دەربڕاوێك بەرهەم دێنێت بۆ گوێگری دەنێرێت پەیوەستە بە مەرجی شێوازی جێبەجێکردنی کۆد و کۆدەکەش خۆیەوە، بەمەبەستی بەرهەم هێنانی دەربڕاوێك ،ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەنێوان قسەکەر و گوێگرانی کۆمەڵ و کۆمەڵی زمانیدا هەیە، کە ئەمەش بە ڕەککەوتنی زمانی ناونراوە، بەڵ ڕێککەوتنەکانی زمان یەکجاری نین.سەرەڕای ئەمەش ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانیەت و داب و نەریت کەریگەری بەرفراوانیان لەسەر زمان دەبێت، هەر چەشنەگۆڕانکارییەك لەم لایەنانەدا لە کۆمەڵدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە گرنگیدان بە کۆمەمڵ و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەناو چوارچێوەی زمانەوانیدا بەهۆی پێوەنی بەهێزی نێوانیان ئاساییە. چونکە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە توانای ژیانی لەناو کۆمەڵدا هەیە، لەبەرئەوەی زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، ئەوا مرۆڤ بەمەبەستی جێخۆشکردن لەناو خەڵکیدا بەکاری دەهێنێت.

بۆنموونە هەندێك فۆرمی دیاریکراوی قسەکردن وەکو(هەواڵپرسین، سڵاوکردن، ڕۆژباش...هتد).

سەرەڕای ئەمەش زمان دەتوانێت ناسنامەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاری بکات، واتە تەنها بەهۆی قسەکردنەوە دەتوانرێت بزانرێت کە قسەکەر خەڵکی کوێیە، باری دەروونی دیاری بکرێت، هەستی بەرانبەر بابەتی قسەکردن، دیاریکردنی چینی کۆمەڵایەتی ڕاددەی خوێندەواری قسەکەر بزانرێت.هەروەها مرۆڤ و دەوروبەر لەڕێی زمانەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، جگە لەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەیە کە قسەکەرانی تێدا دەژین، بۆ نموونە ئەو وشە و دەربڕاوانەی بێ لێکدانەوە و بەستنەوەیان بە باری کۆمەڵایەتی خەڵکەوە واتاکانیان دیاری ناکرێت، وەکو وشەکانی (ئاغا و مسکێن و دەرەبەگ....هتد)پەیەوەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراویان هەیە، بەبی ئەم پێڕەوە واتاکانیان دیاری ناکرێت.بەمەش ڕووندەبێتەوە کە زمان ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر لە ژیانی تاکاکاندا دەبینێت، هۆکاری گرنگی بنیاتنانی پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان و ناساندنیان و ئەنجامدانی شێوازی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانە.جگە لەمەش هەر بەهۆی زمانەوە توانای بڕیاردانمان لەسەر کەسەکان دەبێت لەڕووی (ڕەگەز، تەمەن و ڕۆشنبیری و ...هتد).مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت بیر و هەستەکانی خۆی بۆ دەوروبەرەکەی بخاتە ڕوو، هەروەها زمان گوێزەرەوەی کەلتووری دیاریکراوی تاکەکانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.بۆیە زمانەوانان بەمەبەستی دەرخستنی پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان بنیادە زمانی و کۆمەڵایەتیەکان پێیان وایە کە ئەو جیاوازیانەی لەنێوان پێکهاتە دەستوریەکانی دوو زمان هەن ، بەشێوازێك ئەو جیاوازیانە لە پێکهاتەی کۆمەڵیشدا بوونیان هەیە(موحسین،٢٠٠٨:١١٦).چونکە زمان بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم کارەکانی کۆمەڵی مرۆیی لەکاردایە.لەلایەیکی ترەوە پێوەنی و پێکەوەگرێدراوی نێوان زمان و کۆمەڵ لێکۆڵەرانی تووشی تێڕامان کردووە کە هەرچەشنە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی لە زمانەکەدا ڕەنگدەداتەوە.

ئاشکرایە شێوازی بەکارهێنانی وشەکان لە کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، واتە وشەکان بەپێی باری کۆمەڵایتی و ڕامیاری و ئاینی وئابووری...هتد خۆیان لە کۆمەڵی دیاریکراودا دەگونجێنن.ئەمەش دیارە بەهۆی لایەنی شارستانیەت و داب و نەریت و کۆمەڵایەتی...هتد

سەرەڕای ئەمەش زمان ڕاستترین تۆماری مێژووی گەلانە، تا چەند شارستانیەتی گەلێك فراوان بێت و پێداویستیەكانی زۆر بن ، ئەوەندەش زمانەكەی گەشەدەكات(حمە ڕشید،٢٠١٢:٣٧).كەواتە زمان هۆكاری بەرچاوی پاراستنی مێژوو و كەلتوری نەتەوەكانە.

شێوازەكانی پێوەندی نێوان زمان و كۆمەڵ:

هەندێ زمانەوان چەند جۆرێكی شێوازی پێوەندی نێوان ئەم دوو لایەنەیان دیاریكردووە، بەم شێوەیە:

١. پێكهاتەی كۆمەڵایەتی كار دەكاتە سەر بنیاد و هەڵسوكەوتی زمانەوانی تاكەكان ، وەكو دیاردەی جیاوازی شێوازی قسەكردنی نێوان توێژی قسەكارانی كۆمەڵ بەپێی جیاوازی تەمەنیان.
٢. پێكهاتە و هەڵسوكەوتی زمانەوانی كاریگەری دەبێت لەسەر پێكهاتەی كۆمەڵایەتی كەسەكان بەپێی ڕەگەز و باری كۆمەڵایەتییان.
٣. دەشێت زمان و كۆمەڵ بەشێوازێك كار لەیەكدی بكەن، واتە هەردوكیان لە پێوەندییەكی بەردەوامدان.
٤. یان هیچ جۆرە پێوەندییەك بوونی نییە و ئەم دو لایەنە هەریەكەیان سەربەخۆن، كە ئەمەش ناگونجێت ، چونكە تاكە بەڵگەی ەم گریمانە و روپە ئەوەیە كە ئەگەر پێوەندییەك بوونی لەنێوان ئەم دو لایەنە هەبێت ئەوا هەوڵەكان زۆر تازەن و نەگەیشتوون بە ئەنجام(Wardhaugh,2006:11).

كەواتە زۆربەی بۆچوونەكان و ڕای بەهێز ئەوەیە كە پێوەندییەكی زۆر بەهێز لەنێوان زمان و كۆمەڵدا هەیە، بەڵام لەزۆربەی كاتەكاندا كۆمەڵ كاریگەری لەرسەر زمان دەبێت، لەبەرئەوەی زمان لەخزمەتی مرۆڤدایە و بەبێ كۆمەڵ زمان بوونی نییە. ....ئایە...زیاتر؟

١-٣: زمان وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی:

ئاشكرایە زمانەوانان لەڕوانگەی زمانەوانییەوە گرنگییەكی بەرچاویان بە كۆمەڵ و پێوەندیە كۆمەڵایەتیەكان داوە، لەبەرئەوەی زمان هۆیەكی گرنگی پێوەندیكردنە، لە چوارچێوەی كۆمەڵدا كاری پێدەكرێت(محمد،٢٠٠٩:٦).دیاردە كۆمەڵایەتیەكانیش تاك و كۆمەڵ شوێنیان دەكەون، دەبنە بنمای ڕێكخستنی ژیانی كۆمەڵایەتی و گونجانی پێوەندی نێوان تاكەكانی كۆمەڵ.شایەنی باسە دیاردە كۆمەڵایەتیەكان سەرەتا بەرهەمی تاكەكانن، پاشان تاكەكانی تریش پێڕەوی لێدەكەن تاوەكو دەبێتە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی. (شەمس،٢٠٠٦:٦). لەلایەكی ترەوە ڕێكخستنی كۆمەڵی مرۆیی بەهۆی زمانەوە دەبێت، بۆیە دەتوانرێ بوترێ كە مرۆڤ لەكۆمەڵدا لەدایك دەبێت و بەپێی كەلتور و دابو نەریتی ئەو كۆمەڵە ڕەفتار دەكات، كاتێك لەو كۆمەڵە دوور بكەوێتەوە ناتوانێت فێری زمانی دیاریكراوی ئەو كۆمەڵە ببێت، چونكە زمان چالاكییەكی مرۆیی و كۆمەڵایەتییە تەنها لە ژینگەیەكی مرۆییەوە گەشە دەكات.(محمد،٢٠١٣:٤). زمان لە گشت كۆمەڵێكدا سیستەمێكی گشتییە، هەموو تاكەكانی كۆمەڵ بەشداری تێدا دەكەن و دەیكەنە بنەمای گوزارشتكردنی بیر و ڕاكانی خۆیان، شێوازی گۆڕینەوەی بیر و ڕای تاكەكانیش وەكوڤسەرجەم دیاردە كۆمەڵایەتیەكانی تر نەوە دوای نەوە دەگوازرێتەوە،تاك پێویستە شێوازی باوی خەڵك لەقسەكردندا لەناو خەڵك بەكار بێنێت، زمان بەشێكی كۆمەڵی مرۆییە و داهێنان و گۆڕانی لە توانای تاكەكەسدا نییە، بۆیە پێویستە ڕێككەوتنی كۆمەڵ لە بەكارهێنانیدا هەبێت.(ابراهیم،٢٠١٧:٢٥٢).كەواتە زمان موڵكی كۆمەڵە، زمانی تاك سەبەخۆیە كاتێك قسەی پێدەكات ناتوانێت ڕۆڵی

خۆی دوور لە کۆمەڵ و تاکەکانی ببینێت(عبدالعزیز،١٩٨٣:١٠٠) کەواتە دەتوانرێت بوترێت کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە مۆرۆڤ لە ژینگەی ژیانی خۆیەوە وەری دەگرێت.

بەشی دووەم:

٢-١: ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان:

زمان لە ئەنجامدانی سەرجەم کارە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشدارە ، هەروەها لە شێوازی پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە،بەپێی بیر و ڕای زمانەوانان ئەرکی گرنگی زمان تەنیا هۆکاری لێك تێگەیشتن و گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو چالاکیە ڕێکخراوەکانی تری مرۆڤیش ئەنجام دەدات.(حمە ڕشید،٢٠١٢:٤٠).جگە لەمەش جێبەجێکردنی هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ لەڕێی زمانەوە دەبێت.

لەلایەکی ترەوە ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان زۆر بەربڵاو و فراوانە لەگشت زمانە سروشتیەکاندا هەیە، زیاتریش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵدا بۆ مەبەستی خۆ بردنە پێشەوە و جێخۆشکردنی گفتوگۆ لەناو کۆمەڵدا بەکاردێت.(فەتاح:٢٠١١،٣٧).

سەرەڕای ئەمانەش دەبێتە بنەمای دروستبوونی پێوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر،بەجۆرێك کە هاوکاری و پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان زۆر پتەو دەکات، لەبەرئەوەی ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان پاراستنی پێوەندی نێوان قسەپێکەرانە.(مغدید؛٢٠١٦،٣٩).هەروەها زمان بناغە و هۆی سەرەکی پێکهێنانی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە،بەهێزی پێوەندییەکانیش بنەمای ڕاددەی یەکگرتوویی ئەندامانی کۆمەڵە، واتە پەرتەوازەیی یەکگرتوویی تاکاکانی کۆمەڵ بەشێوازی دروستبونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیانەوە بەندە.(شەمس؛٢٠١٣،٣).

واتە زمان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە جێبەجێکردنی سەرجەم چالاکییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکەکاندا هەیە، جگە لامەش زمان تەنها کەرەستەی دەربڕین و گەیاندن نییە ،بەڵکو کۆکردنەوەی بیر و ڕۆشنبیرییە(کەریم:٢٠١٩،٥).ڕاددەی پێوەندی کەسەکان بەرانبەر یەك دەخاتە ڕوو، هەروەها شێوازی دەربڕینی تاکەکانێش لەکاتی گفتوگۆدا پەیوەستە بە ڕاددەی پتەوی پێندی خزمایەتی و کۆمەڵایەتی نێوانیان.لە هەندێك کاتیشدا دەوەستێتە سەر سروشتی ڕەفتاری کەسەکانلە پێشاندانی ڕێز بەرانبەر یەکتر.

زمان و تەمەن:

مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا بە چەند قۆناغێکی جیاجیادا دەڕوات،(منداڵی،هەرزەکاری ،پێگیشتوویی پیری...هتد)،دیارە زمان بەپێی قۆناغەکان دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی تەمەن زمانەوانان لەبەرچاویانگرتووە بۆ لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمان،لەلایەکی ترەوە تەمەن وەك واقعێکی بایەلۆجی بۆ پۆلێنکردنی قسەکەران بەکارهێنراوە.(حاجی،٢٠١٧:٢٢)زمان بەرکاریگەری قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دەکەوێت، هەروەها ڕەنگدانەوەی تەمەنی پێوەدیارە، واتە تەنیا بەبیستنی دەنگی کەسەکە دەتوانریت مەزەندەی تەمەنی بکرێت، زمان لەگەڵگەشەی تەمەنی تاکدا گەشەدەکات، واتە کەسەبەتەمەنەکان بە ئەزموونتر و زمانزانترن لە کەسانی تر.واتە تاکەکان بەپێی گەشەی تەمەنیان بە قۆناغی جیاجیای فێربوونی زماندا دەڕۆن،ئەم ئەزموونەش لە منداڵییەوە دەستپێدەکات تاکو قۆناغی پیری(خرما،٢٠١٣:٣٠٨)،منداڵە قۆناغی گڕوگاڵەوە دەستپێدەکات، تاکە وشەکان ،دواتر دوو وشە پاشان وشەکان لێکدەدات بۆ دروستکردنی ڕستە،ئەمەش زمانی منداڵان دەگرێتەوە.(هەمان سەرچاوە،٣٦١)

لەلایەکی ترەوە هەر تاکێکی کۆمەڵ پێویستە پەیڕەوی گفتوگۆ و قسەکردن بکات بپێ تەمەنی دیاریراوی خۆی، گبەرئەوەی تەمەنی مرۆڤ کاریگەری بەرچاوی لە دیاریکردنی کەسێتی و بواری ڕۆشنبیریە کۆمەڵایەتیەکەی هەیە،بەهەمان شێوەی توخم و نەژاد و زمان و قسەکردنی دەستوریانە کە هەمان ڕۆڵیان هەیە.(فەرەج،٢٠١٣:٢٨٧).

لەزمانی کوردیشدا تەمەن ڕۆڵی لە دیاریکردنی کەسێتی و ڕەفتار و شێوازی قسەکردنی مرۆڤ دەبێت.

زمان و ڕەگەز:

ڕەگەز هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانی جیاوازی زمانی قسەکردن و پێکهێنانی زاری کۆمەڵایەتی، هەروەها هۆیەکی گرنگی کارکردنە سەر ڕەفتاری زمانی و هەڵبژاردنی کەرەستە و دەربڕاوەکانو بیرکردنەوەی تاکەکانیش،دیارە ئەمەش دەبێتەهۆی جیاوازی زمانی قسەکردن لەنێوان تاکەکاندا.(سدیق:٢٠١٩:١٢٥)،جگە لەمەش زمان لە دیاردەی نێرو مێ بێبەش نەبووە، هەروەها کۆمەڵیش بەسەر ئەم دوو ڕەگەزەدا دابەش بووە، لەسەرجەم زمانەکاندا بەپێ کەلتوری جیاوازیان جیاوازی قسەکردن لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا بەدیدەکرێت، بەڵام ڕێژەی جیاوازی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە.لەم ڕوانگەیاوە ئۆتۆ یسپرسن لە ساڵی (١٩٢٢)ڕۆشنایی خستۆتە سەر زمانی ژنان و تیایدا جیاوازیەکانی ئاخاوتنی ژنان و پیاوانی دەستنیشانکردووە،هەروەها (لێیکۆف)لە وتارێکدا بە ناونیشانی (زمان لە کۆمەڵدا)ساڵی (١٩٧٣)بەشێوەیەکی ورد جیاوازیەکانی نێوان زمانی ژنان و پیاوانی دیاری کردووە.(هەمان سەرچاوە:١٢٧). شایانی باسە لەهەرزمانێکدا هەردو ڕەگەزی نێر و مێ زمانێکی هاوبەش لەڕووی ڕێزمانو پێکهاتەوە بۆ ئاخاوتن بەکاردەهێنن، تەنها بەکارێنانی وشەکانیان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازە، بەپێی بیرو ڕای زمانەوانان بەکارێنانی زمان لای هەردوو ڕەگەز جیاوازە واتە شیوازی قسەکردنی ئافرەتان لەپیاوان جیایە بەشێوەیەك کە(پێوان جهیانێکیان هەیە کە بەشێوەیەکی قوچەکی ڕێکخراوە،ئاخاوتن جۆرێکە لە دانوستان،مرۆڤەکان هەوڵدەدەن سەرکەوتوو بن،خۆ بپارێزن لەکەسانی تر کە هەوڵی ژێرخستن و لادانیان دەدەن) (فەرەج،٢٠١٣:٢٦٧) هەروەها (ئافرەتانیش هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆی پێکهێناوە کە لەپیاو جیاواز بووە، بۆیە وادەبینرێت کە هەڵسوکەوتی تایبەتی هەبێت و خاوەن شیوازی دیاریکراوی قسەکردنی خۆی بێت).(محمد،٢٠١٣:١٧).

زمان و کەلتور:

پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور زۆر پتەو و ئاڵۆزە، بەڕای زمانەوانان کەلتور گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و هونەر و هزر و بیر و باوەڕ و داب و نەریت دەگرێتەوە.) (ئەحمەد،حەمید،٢٠١٩:٣٧١)،هەر تاکێکی کۆمەڵ پێویستە باوەڕی بە کەلتۆری کۆمەڵگاکەی هەبێت ،بۆئەوەی بتوانێت مامەڵە لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵەکەیدا بکات،بەو شێوازەی کە تاکەکان لەسەری ڕێککەوتوون، بۆئەمەش پێویستە خەڵك فێری کەلتور ببێت بەرانبەر تایبەتمەندییە باەلۆجیە بۆماوەییەکان.(فەرەج،٢٠١٣:٦٧)،لەلایەکی ترەوە بەشێکی کەلتور ئەوەیە کە کە مرۆڤ لەئەنجامی ئەزموونی کەسیی خۆیەوە فێری دەبێت ،یاخود لەخەڵکی ترەوەوەری دەگرێت و بەبەشێکی گرنگ لەزماندا دادەنرێت.کەواتە زمان و کەلتوور لە پێوەندییەکی بەردەوامدان، گشت زمانێك بەرهەمی ڕەنگدانەوەی کەلتووری نەتەوەکەیەتی، هیچ کەلتورێکیش نییە کە کاریگەری زمانی نەتەوەکەی لەسەر نەبێت، بۆیە دەتوانرێت بوترێت زمان بەگشتی کلیلی کردنەوەی دەرگای کەلتور و

بیرکردنەوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.(حمە ڕشید،٢٠١٢:٤٣).لەلایەکی ترەوە زمان بریتییە لەو کەلتور و فەرهەنگەی کە سروشتی کارکردنی ئەو زمانە سەرەڕای وشەو ڕستە چەمك و واتاکان بەرهەم دێنێت.(یەعقوبی،٢٠٠٨:٣٥).

زمانەوانان پێیان وایە لەدوای ساڵانی (١٩٩٠)بەدواوە گرنگی بە پێوەندی نێوانیان دراوە(ئەحمەد،حەمید،٢٠١٩:٣٧٢)، هەروەها پێوەندی نێوانیان بەڕاددەیەك پتەوە کە زۆربەی زمانەوانان دەڵێن زمان ڕەنگدانەوەی کەلتوورە،چونکە (بنیادی زمان پێوەندی بە هزر و دامەزراوە و کەلتووری بەرهەستی ئەو خەڵکەوە هەیە کە قسەی پێدەکات)(شەمس،٢٠١٣:٤٧)

زمان و کەسێتی: زمان بەهەمی کۆمەڵایەتی هاوزمانانە،ئامرازی پێوەندیکردنی نێوان تاکەکانە ،بەشێکی گرنگی کەسێتی مرۆڤ پێکدەهێنێت،ئەرکی ویژدانی و کەسێتی گرنگە لە زماندا،تاك لەڕێی زمانەکەیەوە هەست و سۆز و بیرو باوەڕ و هەڵچوون و ئارەزووی تێدا ڕەنگدەداتەوە،بەجۆرێك دەبێتە ناسنامەی تاك(محمد،٢٠١٩:٢٩٥)،کەسێتی ئەو سیستەمەیە کە ڕێگا دەدات پێشبینی ئەو چالاکیانە بکرێت ،کە مرۆڤ لە بارو دۆخی تایبەتی و دیاریکراودا ئەنجامی دەدات(دزەیی،٢٠١٥:١٦).هەندێ زماناوانی تر پێیان وایە کە (بریتییە لەو ڕێکخستنە دەروونیە ، کە سەرجەم تایبەتمەندیەکانی کۆدەکاتەوە لە ئامادەباشی توانا جەستەیی هەڵچوون و درککردن و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بە ڕەفتاری گونجاو لە بارو دۆخە جیاجیاکان ، بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەمیانەی ڕەفتارە هاوشێوەکانی دەتوانێت لە داهاتوودا پێشبینی ڕەفتارەکان بکەیت.(عزیز،٢٠١٤:٢٤٠)، بۆ نموونە منداڵ کەلەدایك دەبێت سەرەتا یەك سروشتیان هەیە دواتر بەگوێرەی ئایین و پەروەردە و بارو دۆخی خێزان و زمانی میللەت گۆڕانکارییان بەسەردا دێت هەریەکە لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و هەڵسوکەوتو پەروەردەی دیاریکراوی خۆی دەبێت.

زمان و ئاین: زمان ئامرازێکە بەدرێژایی مێژوو ئایینەکان سودیان لێوەرگرتووە،ئایینەکان بەهۆی زمانەوە بڵاوبوونەتەوە،هەر بەهۆی زمانەوە خەڵك بە زمانەکەیان ئاشنا دەبن،ڕۆڵی ئایین لەزماندا پەیوەستە بە ڕاددەی پەیوەستبوونی مرۆڤەکان بە ئایینەکەیانەوە ئایین ڕۆڵێکی بەرچاوی لەژیانی تاکەکاندا هەیە زمان کەناڵی تاکەکانی نێو کۆمەڵە،ئاین بوارێکی گرنگی ژیانی مۆرۆڤایەتییە، کە زمان بەشێوەیەکی جیاواز بەکاری دێنێت،هەموو ئاینێك زمانی تایبەتی خۆی هەیە کە بە زمانی ئایینی ناسراوە ، بۆیە ئەرکی ئەم جۆرە زمانە بۆ پێوەندیکردنی نێوان بەندە و خوایە،جگە لەمەش ئایین کاریگەری بەرچاوی لەسەر گوفتار و ڕەفتاری مرۆڤ هەیە، هەروەها زمانی ئایین کاریگەری بەسەر شێوازی زمانی ئەو تاکانەشدا دەبێت کە ئایینەکە وەردەگرن، لە ژیانیاندا کاری پێدەکەن(علی،٢٠١٧:٢٧٧)، سەرەڕای ئەمەش ئایین کارێگەری لەسەر زمان و ڕەفتاری تاك دەبێت لە کۆمەڵدا،بەجۆرێك کە زمانەوانان پێیان وایە کە زمانی ئاینی کاریگەری لەسەر زمانی نەتەوەیی هەیە و هۆی گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی زمانی نەتەوەییە، بۆنموونە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەکاتی نزا و پارانەوە،نوێژ ،گفتوگۆکردن بەم زمانە لەگەڵ خوادا.(تۆفیق،٢٠٢٠:٩٦).سەرباری ئامانەش زمان بەهێزترین هۆکاری بڵاوبوونەوە و تێگەشتنی ئایینە، دەوروبەری زمانی بۆ تێگەیشتنی ئایین ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە،ئەمەش وایکردووە تێگەیشتنی جیا بۆ یەك دەق بێتە ئارا(علی،٢٠١٨:٤٤)کەواتە ئایین لەژیانی مرۆڤدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە ،زمانیش کەوتۆتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە.

زمان و بیر:

مرۆڤ بەگشتی بەرەکانی خۆی لەڕێی زمانەوە دەردەبڕێت، بۆیە بێ بەکارهێنانی زمان بیری قسەکەر و گوێگر یەکناگرن،قسەکەر سەرجەم بیرەکانی دەخاتە ناو قاڵبی وشەکانەوە و گوێگریش هەموو وشە و بینراوەکان بۆ بیر دەگۆڕێت،واتە زمان دەبێتە هۆی گواستنەوە و وروژاندنی بیر و سەرهەڵدانی بیری تازە لای گوێگر(شەمس،٢٠١٣:٣٦)مرۆڤ بەگشتی دروستکراوێکی خۆگونجێنە بەپێی ژینگەکەی،زمایش لەدوتوێی ژنیگەی زمانەکیدا بیرۆکەکانی دەردەخات،بۆیە بیر بەکارهێنانی مێشکە لە شتە نەزانراوەکانەوە بۆ زانراوەکان، بۆ ئاشکراکردنی شتە نەزانراوەکان، بیرکردنەوەش بەکارهێنانی مێشکە بۆ لێکدانەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان(غولام،٢٠١٦:١٢).

لەلایەکی ترەوە هەندێ زمانوان پێیان وایە کە زمانو بیر یەك شتن و جیاواز نین، هەندێکیشیان وای دەبینن کە دوو شتی جیان.بلام زۆربەی زمانەوانان پێیان وایە کە جیاوازی لەنێوان زمان و بیردا نییە،بۆیە پییان وایە کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان زمان و بیردا نییە،زمان و بیر یەك شتن،زمان بیرە و بیریش زمانە.(علی،٢٠١١:٢٠) واتە بیرکردنەوەی مرۆڤ زمانێکی شاراوەیە ،کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا قسەی پێدەکات ،واتە زمانێکی شاراوەی بێدەنگ،منداڵش لەسەرەتای لەدایکبوونیدا جگە لە توانا بۆماوەییەکانی هیچی تری نییە.(جعفر،١٩٧١:١٢٥)،هەروەها زمان تەنها ڕێگەی دەربڕینی بەرەکانی مرۆڤە،ئەمەش بەپێی بیری زمانەوانان ناکرێت بەتەواوی دروستبێت چونکە مرۆڤ هەندی جار جگە لەزمان پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی چەند ڕێگای تر بۆ دەربڕینی بیرەکانیوەکو(مۆسیقا،وێنەکێشان،هونەر، ئاماژە)ئەمانەش دیارە گشتیان بێ بەکارهێنانی زمان گوزارشت لە بیری کەسەکە دەکەن. هەندێ زمانەوانی تریش دەڵێن کە زمان سەربەخۆیە لە بیر ،ئەگەرچی پێوەندی ئۆرگانییان لەگەڵ یەکدا هەیە،کاریگەری و ئاڵوگۆڕیان لەسەر یەکتری هەیە(علی،٢٠١١:٢١)،لەلایەکی ترەوە زمانەوانان پێیان وایە سەرەتا ئاخاوتن لای منداڵ کۆمەڵایەتییە، پاشان دەبێت بە ئاخاوتنی ناوەکی"واتای بیرکردنەوە،بۆیە بیرکردنەوە لەڕێی وشەکانەوە دەرنابڕێت، بۆیە تاکو کۆزانیاری بەتاوای پێنەگات زمان دروستنابێت. (کمال،٢٠١٦:١٥)،بۆ نمونە بیرکردنەوەی منداڵ بەهۆی کارلێککردنی لەگەڵ کەسەکان و ژینگەی دەوروبەریەوە دروست دەبێت، زمانیش لەگەڵ بیر بەگێرەی پێوەندی و کارلێکی لەگەڵ ئەم شێوانە گەشەدەکات.(محمد،٢٠٠٩:١٨)کەواتە بەپێی ئەمە زمان و بیر دوو پێرەوی سەربەخۆن ، بەلام پێوەنی و کاریگەری بەهێزیان لەسەر یەکتر هەیە.

زمان و زار: زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ئامرازی لەیەکگەیشتنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە، هەروەها دەبێتە هۆی بنیادنانی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان تاکەکان، لەئەنجامی گۆڕان و گەشەسەندنی کۆمەڵ زمانیش بەپێی بنەماو یاساو ڕێسای دیاریکراوی خۆی دەگۆڕێت، هەروەها زمان دابەشدەبێت بۆ زار (دیالێکت) ە پێکهێنەرەکانی، زار بەو جیاوازیانە دەوترێت کە لەنێوان جۆرەکانی تاکە زمانێکدا هەیە، وەکو جیاوازی ڕێزمانی ، شێوازی دەربڕین، و پێکهاتەی وشەکان.(خۆشناو، عبدالله،٢٠١٠:٧١).ئاشکرایە زار بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە بەشێوەی جیاواز لەلایەن قسەکەرانی هەمان زمانەوە، هەروەکو زمانەوانان پێیان وایە دەتوانرێت درك بەوە بکرێت کە زارەکانی زمانی کوردی جۆراوجۆرن ، بەلام دەتوانرێت تایبەتمەندی هاوبەش و جیاواز لەنێوانیاندا دیاری بکرێت.(پژوە،٢٠٢٠:٣٤)سەرباری بەکارهێنانی شێوەی جیاوازی(زار) زمانەکە،تاکەکانی زمانەکە لەهەمان کاتدا پێویستە پابەندی یاسا هاوبەشە زمانەوانیەکانی زمانەهاوبەشەکەی خۆیان بن لە کۆمەڵی کوردیدا، لەئەنجامدا پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی زمانەکە ،چینە جیاجیاکانی ئەو کۆمەڵە دروستدەبێت ئەمەشهۆکارێکی بنەڕەتی دروستبوونی شێوەزاری زمانەکەیە.(خرما،٢٠١٣:٣٠)،لەلایەکی ترەوە هاتاکو جیاوازی نێوان زارەکان زۆربێت بەهۆی جیوازبەکارهێنانی وشەکان و ڕادەی دووری نێوان کەسەکانی کۆمەڵ ، لەئەنجامدا زاراکان

لەتردوور دەكەونەوە و جیاوازی بكارهێنانی وشەی زمانەكەیان زۆر دەبێت،تاكەكانیان لەیەكتر تێناگەن ،هەریەك لەزارەكان دەبێتە زمانێكی سەربەخۆ.

٢-٢: سەرهەڵدان و پەیدابونی زار لەزماندا:

بەپێی ڕای زمانەوانان هۆی سەرەكی پەیدابوونی زار لە زماندا ئەو گۆڕانانەن كە بەسەر زمانەكەدا دێن،لە هەر زمانێكدا چەند زارێك هەیە، هەر زارێكیش بۆ چەند شێوەزارێكی ناوچەیی بەپێی تاكەكان دابەش بووە، هۆكارەكانی پەیدابوونی زار لە زماندا جیاوازن،چونكە هیچ زمانێك لە ئاستی خۆی ناوەستێت بتێپەڕبوونی كات سنووری جوگرافی فراوان دەبێت،پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ لەنێوان گەشەی زمان و پەیدابوون و سەرهەڵدانی زاردا هەیە (ئەحمەد،٢٠١١:٤٦) هۆكارەكانیش ئەمانەن:

١. هۆی كۆمەڵایەتی:

ئەمەیان پەیوەندی بە داب و نەریت و خو و ڕەوشتی ناو كۆمەڵ و كەلتو ر و دابەشبونی چینەكانی كۆمەڵگاوە هەیە.(فتاح،٢٠١٠:٧٣).زمانی كوردی دابەش بووە بۆ هەر چوار زاری (ناوەڕاست و خواروو،ژوروو،باشوور، هەورامی)كە هەریەكەیان شێوەزار و كەلتوری تایبەتی خۆی هەیە.

٢. هۆی جوگرافی:

جیاوازی سروشتی وڵات دەگرێتەوەلەڕوی جیاوازی ئاو و هەواو ژینگە و شێوە و شوێنی وڵاتەكەی خۆی دەنوێنێ،دەبێتە هۆی جیاكردنەوەی ناوچەكان لەیەكتری،لە چیا و ڕووبار و دەشت، كە جیاوازی دەخاتە ناو سروشتی وڵاتەوە،ئەمەش دەبێتە هۆی جیابوونەوەی زارەكانی زمان لەیەكدی و دروستبوونی چەند شێوەزارێك بەپێی ناوچەكانی كوردستان.(شوانی،٢٠٠١:٦٩).واتە پەیدابوونی زار لە زماندا پەیوەستە بە ڕادەی فراوانی ڕووبەری شوێنی بەكارهێنانی زمانەكە.

٣. هۆی سیاسی:

بەگشتی دەكرێتە دوو بەش، ئەوانێش:

ا. كاتێك مێللەتێك یان گەلێك خاوەنی حكومەتێكی ناوەندی نەبێت.

ب. حكومەتی ناوەندی بوونی هەبێت ،بەڵام لەبەر فراوانی سنووری دەسەڵاتی ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەكاندا هەبێت، ئەو كاتەش دەسەڵاتی ناوەندی لاواز دەبێت،لە ئەنجامدا هەر ناوچەیەك دەبێتە خاوەنی شێوەئاخاوتنێكی تایبەت(حسێن،٢٠١٠:١٥) سەرەڕای ئەمەش چەندان هۆی تری وەك(ئابووری ، ڕۆشنبیری ، ئاینی و دەروونی....هتد)هەیە.

٢-٣: زمان و پرۆسەی پەیوەندیكردن:

پەیوەندیكردن ئەركێكی بایەخداری زمانە ،چونكە زمان ئامرازی گرنگی پەیوەندیكردنە، زمان ڕەفتاری كۆمەڵایەتی نێوان تاكەكانی كۆمەڵدەگرێتەوە كە تاكەكان بۆ پەیوەندیكردن و تێكەڵاوی زیاتری نێوانیان بەكاری دێنن.(لوینز،٢٠٠٩:٢٢)،هەروەها دەتوانرێت بوترێت كە زمان هێزێكە بەرچاوی هەیە لە كۆنترۆڵكردن و پەیەوستكردنی

تاكەكانی کۆمەڵ وکۆمەڵگا هەیە، واتە ئەرکی بنەڕەتی زمان بنیادنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان و گواستنەوەی بیرۆکە و پەیامەکانی نێوانیانە بۆیەکتر بەهۆی قسەکردنەوە.

کاری کۆمەڵایەتی زمانیش دەرخستنی بۆچوونەکانمانە لەسەر پێوەندیمان بەخەڵکانی تری کۆمەڵەکەمانەوە، لێرەدا زمانەوانی کۆمەڵایەتی دەتوانرێت بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاربهێنرێت.جگە لەمەش بەڕای زمانەوانان پەیوەندیکردن کاتێك دروستدەبێت کە بیرێك کاریگەری لەسەر بێرێکی تر دەبێت، لەئەنجامدا شارەزایی و ئەزموونێك لەهۆشی وەرگردا دروستدەبێت لەو شارەزاییە دەچێت کە لە هۆشو بیری نێرەردایە (عبدالرحمن،٢٠٠٩:٢٣)،لەگەڵئەمەشدا پرۆسەکە زنجیرەیەك چالاکی یاخود ڕوداوی بەردەوامی جوڵاوە بەئامانجێکی دیاریکراو ،لەڕووی کات و شوێنەوە جێگیر نییە،پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی ماناو بەهاکۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت.(ابو اسبع،٢٠٠٦:١٦)، جگە لەمەش پەیوەندیکردن سەرەتای دەستپێکردنی کردەوەکانە گرنگی زۆری لەڕووی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە هەیە،بۆیە پەیوەندیکردن بەشێکی گرنگی ژینی مرۆڤ پێکدەهێنێت ،بۆیە دەتوانێت جوڵەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و مرۆیی لەنێوان تاکەکانی هەمان کۆمەڵدا دروستبکات.(بن راشد،٢٠١٥:١٥). کەواتە پەیوەندیکردن ئامرازی بەیەکەوەبەستنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە و دەتوانیین بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە لە ئاخاوتنەکانی یەتر بگەین لەڕێی بەکارهێنانی زمانەوە.

جۆرەکانی پەیوەندیکردن: یەکێکە لە دێرینترین پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان لە ژیانی مرۆڤدا، لەبەرئەوەی پرۆسەی پەیوەندی بایەخێکی بەرچاوی لە دربڕین و خستنەڕووی ناخی تاك هەیە لە کۆمەڵدا.

١. پەوەندی خودی:

ئەم جۆرەیان لەناخی مرۆڤدا ڕوودەدات،بۆ نمونە کاتێك هەڵەیەك بەرانبەر کەسێکی خۆشەویستمان دەکەین، ئەوا خۆمان درك بەوە دەکەین و لێپێچینەوە لە ناخی خۆمان دەکەین، مرۆڤ لەکاتی ببیرکردنەوە و خەیاڵکردن دەربارەی ژیانی خۆی قسە لەگڵ ناخماندادەکەین و زۆر بابەتی جیاواز تاوو توێ دەکەین، لەمجۆرە پێوەندیکردنەدا مرۆڤ بیردەکاتەوە و هەوڵدەدات لە دیاردەکانی دەوروبەری واتایاك بۆ شێوازی ژیانی وەرگرێت، ڕوداو و کێشە و گرفت و پێشهاتەکان هەڵبسەنگێنێت، لەگەڵخۆی بێتە دوان و قسەبکات ، ئاشکرایە کە پرۆسەی بیرکردنەوەش بەبێ بەکارهێنانی زمان ئەنجام نادرێت.(ڕەسوڵ،٢٠٠٧،٥٨).لێرەدا کەسی پەیوەندیکار و پەیوەندی پێوەکراو هەر یەك کەسە ،هەمان ڕەمز بۆ پەیوەندی بترەوە بەکاردێت ،ئەمجۆرەی پێوەندیش پرۆسەیەکی دەرونی خودییە.

٢. پەیوەندی ناوەند:

ئەم جۆرەیان دەکەوێتە نێوان هەردو جۆری پەیوەندی ڕاستەوخۆ و جەماوەری، سیمای ئەم جۆرە پەیوەندییانەی پێوەدیارە، لێرەدا ەو دۆخ و ناوەندەی کە پێوەندیەکەی تێدا ڕودەدات، بەشێکە لە پەیوەندییەکەهەروەها جۆری وشە و شێوازی داڕشتنی وتەکانیش ڕۆڵی خۆی لە گرنگیدان بە پەیامی پەیوەندییەکان دەبێت.

٣. پەیوەندی کەسی:

ئەم جۆرەشیان لەنێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجام دەدرێت ،بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەسەکان لەنێوان خۆیاندا بیرو ڕاو زانیاریەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن، واتە لێرەدا قسەکەر دەتوانێت ڕاستەوخۆ کار لە گوێگر بکات و ،گوێگریش وەڵامی بداتەوە، چونکە قسەکەر لێرەدا توانای شاردنەوەی ڕاستیەکانی نییە،لەبەرئەوەی کە لە ئاخاوتنیشدا توانادار بێت ئەوا ڕوخسار و

جەستەی یارمەتیدەر نابنئەمەش بەرچاو روونی و زانیاری تەواو دەربارەی بابەتی نێوانیان دەداتە گوێگر(عبدالرحمن،٢٠٠٩:٣٥).لەمجۆرەدا کەسەکان زیاتر دەتوانن چێژ لە گفتوگۆی نێوانیان وەربگرن، ڕاستی زیاتریشی تێدایە،لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆیە بۆیە دەکرێت بۆ هەردو جۆری پەیوەندی(دوانە،بەگروپ)دابەش بکرێت.

٤. پەیوەندی جەماوەری:

ئەم جۆرەیان پەیاوەندیکردنی ژمارەیەکی بەرچاوی تاکەکانی کۆمەڵە، لەرێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامدەدرێت،زانیاری و بیر و ڕا بۆ ڕێژەیەکی زۆری جەماوەربەهۆی بەکارهێنانی هۆیەك یان چەند هۆیەکی پێوەندی جەماوەری ئەنجامدەدرێت، بەشێوازی ناڕاستەوخۆ و تاك لایەنەیە.(جراد،٢٠١٣:١٦).بەهۆی بەکارهێنانی هۆیەکانی پێوەندی جەماوەرییەوە ئەنجامدەدرێت، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامەکە لە نێرەرەوە بۆ جەماوەرێکی ئاست جیاواز،وەك بەکارهێنانی گۆڤار و کتێب،بوارەکانی میدیاو ڕاگەیاندن، بەڕای هەندی توێژەر ئەم جۆرە پەیوەندییە ،بەم شێوازە پوختدەکرێتەوە:

. ا. ئاراستەی جەماوەرێکی زۆر و هەمەچەشن و نەناسراو دەکرێت.

ب. پەیامەکە بە ئاشکرایی دەگوازرێتەوە بۆ تاکەکانی جەماوەرەکەی.

ت. پەیوەندییەکی تاکڕەوییەك ئاڵۆزە ، شانسی پەیوەدیکردنی دوو لایەنە نییە.

٢-٤: بۆنە کۆمەڵایەتیەکان:

ڕۆژانە تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە کۆدەبنەوە، لەمبۆنانەدا زمان بەشدارییەکی کارای هەیە، بۆیە کاتێك ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەشداری لە بۆنەیەکدا دەکەن،پەیەوەندی گفتوگۆ دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو لەنێوانیاندا دەبێت، هەندی لەمبۆنانەش ڕۆژانەو بەردەوام دووبارە دەبنەوە وەکو: (دوعاکردن، سوێند خواردن....هتد).

لەگەڵ ئوەشدا بۆنە ئاینی و نەتەوەییەکان شوێنو کاتی دیاریکراویان هەیە، بۆ نمونە جەژنی (ڕەمەزان و قوربان)، یاخود یادی (نەورۆز،ڕاپەڕین)کەلەهەریەکەیاندا شێوازی بەکارهێنانی زمان بیێی جیاوازی و گونجانی لەگەڵ بۆنەکان دەبێت، سەرباری ئەمەش لەسەر قسەکەر پێویستە بتوانێت شێوازی بەکارهێنانی وشەکانی زمانی بەپێی بۆنە کە بگۆڕێت بۆ شێوازێکی تر لەهەمان کات و بابەتدا بەمەبەستی تێگەیاندنی گوێگر(حمە ڕشید،٢٠١٢:١٣٥).واتە پێویستە کەسی قسەکەر شوازی دەربڕینەکانی بەپێی بۆنە ئایینیەکاب بەکاربهێنێت.

دەتوانرێت بۆنە کۆمەڵایەتیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە باسبکرێن:

١. دوعاکردن: دوعا یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێت، لەکاتی نزا و پاڕانەوەدا قسەکەر داوا بەهێزترین زات دەکات کە خوا و دروستکەری خۆیەتی،مرۆڤ بەزۆری لەکاتی بێئومێدی و دڵتەنگیدا دەستی داوا و پاڕانەوە بۆ پەروەردگاری بەرزدەکاتەوە،بێ دڵنیابوون لە گیرابوون یا نەبوونی داواکەی.

ئاشکرایە کە پێویستە مرۆڤ لە سەرجەم کاتەکانی ژیانیدا داوا لە پەروەردگاری بکات، چونکە خوا فەرمویەتی "ادعونی فاستجب لکم"(سوره غافر:٦٠). هەروەها لەکاتی دوعاکردندا پێیستە بەندە(مرۆڤ) تاکێکی ئارامگر بێت. دوو جۆری هەیە،ئەوانیش:

آ. دوعای چاك(دوعا بۆکردن):بۆ نمونە:

خوا له دایك و باوكتان نەستێنێت.

یا خوا تەمەن درێژ بن انشاالله

خوا سەرفرازی دنیا و دوارۆژتان بكات.

ب. دوعای خراپ(دوعا لێكردن): بۆ نمونە:

خێر و خۆشی نەیێتە رێت.

تەمەن كورت بیت.

ئەو شیرەت لێ حەرام بێت كە خواردوتە.

شێوازی دەربڕینی وشەكانی دوعاش لە ژینگەی ئاخاوتندا بەپێی شێوەزارەكان دەگۆڕێت.

٢. پرسە(ماتەمینی): زۆربەی تاكەكانی كۆمەڵ بەشداری تێدا دەكەن ،چونكە مردن بۆ هەهەموو تاكەكانە بێجیاوازی، دیارە ئەم بۆە ئایینیەش وەكو بۆنەكانی تر شێوازی دەربڕینی تایبەتی خۆی هەیە،هەروەها شێوازی بەڕوەبردنی پرۆسەی ماتەمینیش هەر لەكاتی بەخاكسپاردنەوە تاكو سەرەخۆشی كردن لە كەسانی مردوو لە ژینگەیەكەوە بۆ یەكێكی تر جیاوازە.هەندێك لەو دەربڕینانەش وەكو:

هاوبەشی خەمتانین.

خوا سەبرتان پێبدات.

تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێهێشتبێت.

خوا بە بەهەشتی بەرینی شاد بكت.

وەڵامی كەسی خاوەن مردوو:

خوا خەمتان نەداتێ.

خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە.

لە بەڵای ناگەهان بەدوور بن انشاالله.

٣. میوانداری: میوانداری و سەردانیكردنی كەسانی دەوروبەر پلەی كۆمەڵایەتی و خزمایەتی نێوان تاكەكانی مرۆڤایەتی زۆر بەهێز دەكات، هەروەكو پێغەمدەر"د.خ" فەرمویەتی(لا یدخل الجنه قاطع رحم) ، بۆیە لەكاتی بەخێرهاتنی موانداریدا لەسەر خاوەن ماڵ لەڕوی ئاینی و كۆمەڵایەتییەوە پێویستە بە باشترن شێواز میوانداری و پێشوازی لە میوانەكانی بكات،لەكاتی ڕۆیشتن ۆ جێهێشتنی میوانەكانیش بەهەمان شێواز.

لێرەشدا چاندان شێوازی دەربڕین بەمەستی بەخێرهاتن و پێشوازیكردنی میوان، و خواحافیزی و ماڵئاواییدا هەیە، وەكو:

بۆ بەخێرهاتن:

بەخێربێن ماڵتان ڕوناك كردەوە.

بەخێربێن سەرچاوان خۆشحاڵتانكردین.

خێر و بەرەكەتتان لەگەڵ خۆتان هێناوە انشاالله.

بۆ ماڵئاوایی و خواحافیزی:

هەر لەخۆشیدا بن بەخێربچن سەرچاوانمان، خواتان لەگەڵ.

خوا لەخزمایەتیتان كەمنەكات ،گەورەییتان نواند هاتن.

انشاالله بەخۆشی بتان بینینەوە، سەردانمان بکەنەوە.

٤.خوازبێنی: یەکێکە لەو بۆنە کۆمەڵایەتییانی سیمایەکی ئایینی پێوەدیارە، لەناو کۆمەڵدا داب و دەستورو شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، سەرەتا ڕازیکردنی دڵی کچەکە بە پرۆسەی هاوسەرگیری، دواتر خوازبێنی کردنی کچەکە لەماڵی باوکی، ئەوانیش پرسیار لە کەسێتی و شێوازی پێوەندی کۆمەڵایەتی باوکی کوڕەکە لە کەسانی تر دەکەن، گەر پرۆسە و ماڵی کوڕەکەیان پێ باش بوو ، ئەوا قسە لەسەر ئەو مەرج و بابەتانە دەکەن کە پێویستە بۆ کچەکەیان بکرێت، دواتریش جێبەجێکردنی پرۆسەکە بەشێوەی مارەبڕین و شەکراوخواردن و زەماوەند و سێرۆژە.....هتد، شایەنی باسە کە پرۆسەی داواکردن لەلایەن پیاوماقوڵانی ناوچەکە ئەنجام دەدرێت، تاکو لەداهاتودا ئەم دوو بنەماڵە پلەی خزمایەتی و ئاشنایەتییان زۆر بەهێز بێت.لێرەشدا چەن دەربڕینێك بەکار دەهێنرێت، شایەنی باسە زۆربەی کات سەرگرتنی پرۆسەکە دەوەستێتە سەر شێوازی دەربڕینی کەسانی خوازبێنیکار ، وەکو:

کوڕەکەمان بەکوڕی خۆتان قبووڵ بەکەن، یان بیکەنە خوڵامی خۆتان.

ژنهێنان و شوکردن سونەتی ژیانە.

بۆ کاری خێر هاتوین هیوادارین خزمایەتیمان قبووڵ بکەن.

گوڵێکی زۆر جوان لەباخچەیماڵتاندا هەیە هیوادارین پێمان بدەن.

٥.خێرکردن: بەیەکێك لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئاینیە بەهێزەکان دادەنرێت، پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی خێردا پێویستە کەسی خێرکەر و بەخشەر لەپێناو خوا و بەدڵسۆزی خێرەکەی بە کەسی خێرپێکراو و هەژاری کۆمەڵ ببەخشێت، چونکە بەئەنجامدانی پرۆسەی خێرکردن و بەخشین ماڵی کەسی بەخشەر زیاد دەکات و لە بەڵای ڕۆژانە و نادیار پارێزراودەبێت، بەمەرجێك خێرەکەی لە ڕیایی و خۆدرخستن بەدوور بێت،لە ئاییندا کەسی موسڵمان پێویستە دەستی بەخشین و هاوکاری بۆ کەسانی نەدار و هەژار و کەمدەرامەت درێژ بکات، بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوکاری مرۆیی، بێگومان خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە و لە بەڵا بەدوور دەبێت، بۆ نموونە دەوترێت:

خوا خێرتان بنووسێت، یان خوا لێتان قبوڵ بکات.

خوالێتان بەزیاد بکات، بەرەکەتدار بێت.

انشاالله لە بەڵا و نەخۆشی بەدوور بن، یان خوا پارێزراوتان بکات.

٦.منداڵبوون: کاتێك یەکێك منداڵی ببێت لە ژینگەی کوردیدا بەهۆی پتەوی پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە،ئەوا هاوڕێ و دراوسێو کەس و خزمە نزیکەکانی سەردانی دەکەن، لەکاتی سەردانیدا هەنێ وشەو دەربڕینی دیاریکراو بەکار دەهێنن، کە جیاوازە لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکانی تر.وەکو:

ببێتە داری بەری انشاالله.

بە نازی دایك و باوکی گەورە ببێت.

تەمەن درێژ بێت و ساڵح ببێت انشاالله. ...هتد

**ئەنجام**

**دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

**١. زمان ئامرازی دەرخستنی ئاستی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵە، گوزارشت لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی ژینگەی مرۆڤایەتی دەکات.**

**٢. زمان بازنەیەکی چالاکییە ڕێکخراوەکانی مرۆڤە لە کۆمەڵدا،بەهۆی توێژینەوەی شێوازی بەکارهێنانی زمان لەژینگەی کۆمەڵایەتی جیاوازدا ،ئەوا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تاك لە کۆمەڵدا دەستەبەردەبێت،کەواتە ڕۆڵێکی کارا لە جێبەجێکردنی سەرجەم پێوەندی و چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان دەبینێت.**

**٣. پێویستە کەسی قسەکەر دەربڕینەکانی بەپێی بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان بەکار بهێنێت،یاخود دەرببڕێت،لەبەرئەوەی بەهۆی تێکەڵاوی و پەیوەندی بەهێزی تاکەکانی کۆمەڵ وشە و دەربڕینی جیاجیا دەربارەی هەریەك لەو بۆنانە بەکار دەهێنرێت.**

**٤. پێویستە گرنگییەکی زۆر بە شێوازی وشە و دەربڕینەکانی کاتی میوانداری بدرێت لەڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە،چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دیاریکردنی کەسێتی تاکەکە دەبێت.**

**٥. نیشانکردنی کەرەستەکانی زمان لەکاتی ئاخاوتندا ئەرکی سەرەکی زمانە، چونکە زۆرجار تاکەکان بەمەبەستی دیاریکردن و جیاکردنەوەی ئاستی پلەی کۆمەڵایەتییان بەکاری دەهێنن.**

**لیستی سەرچاوەکان:**

**١. قورئانی پیرۆز.**

**٢. ئارام عبدالواحد حمه ڕشید (٢٠١٢)،ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.**

**٣. ئاسۆ عبد الرحمن کریم(٢٠١٩)،ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.**

**٤. بەهار زایرمحمد (٢٠٠٩)،زمان و یاسا کۆمەڵایەتیەکان،نامەی ماستەر ،کۆلێجی زمان،زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.**

**٥. سەلام ناوخۆش ، نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)،زمانەوانی،(ب:٣،٢،١)،چ:١،چاپخانی منارە،هەولێر.**

**٦. بکر عمر علی،شێرکۆ حمدامین(٢٠٠٧) ، زار و شێوەزار، چ:دووەم، چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.**

**٧. بەهزاد موحسین(٢٠٠٨)،کۆزمانەوانی، گ:ڕامان،ژ:١٢٩،،هەولێر.**

**٨. بێستون ابوبکر علی (٢٠١٧)، زمان لەسایەی دونیابینی ئاییندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ،ژ:١.**

**٩. بێستون ابوبکر علی (٢٠١٨)، کاریگەری زمان لەسەر تێگەیشتن لە ئاین، گ:زانکۆی ڕاپەڕین، ژ:١٤.**

**١٠. پێشکەوت مجید محمد(٢٠١٣)،ڕەگەز لەڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە،نامەی ماستەر سکووڵی زمان،فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان، سلێمانی.**

**١١. جون لوینز(٢٠٠٩)، اللغە واللغویە، ترجمە:محمد العنانی، دار جریر،عمان،الاردن.**

**١٢. چۆلی اسعد جراد،(٢٠١٣)،زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، نامەی ماستەر،کۆلێجی زمان ،زانکۆی سلێمانی.**

١٣.عبدالعزيز مطر(١٩٨٥)،علم اللغه فقه اللغه،قطر.

١٤. عبدالرحمن حاجى (٢٠١٧)، شێوازى داواكردن لەزمانى كورديدا،نامەى ماستەر،فاكەڵتى ئاداب، زانكۆى سۆران.

١٥. على عبدالرحمن ابراهيم (٢٠١٧)، تاثر علم اللغه بعلم الاجتماع،رساله الدكتوراه،جامعه السودان،السودان.

١٦. عبدالمەناف ڕەمەزان ئەحمەد(٢٠١١)،ئەتڵەسى زمان،چ:١،چاپخانەى خانى،دهۆك.

١٧. عبدالواحيد مشير دزەيى(٢٠١٥)، زمان و كەسايەتى، چ:١، هەولێر.

١٨. عبدالحكيم عبدالله بن راشد(٢٠١٥)، استخدام وسائل التواسل الاجتماعى،رساله ماجستير،جامعه نزوى،عمان.

١٩. عبدالخالق يەعقوبى(٢٠٠٨)،لەكەلتورەوە بۆ ئەدەبيات، چ:١، چاپخانەى ئاراس، هەولێر.

٢٠. عزالدين احمد عزيز (٢٠١٤)،بنەماكانى دەرونزانى گشتى، چ:٥، چاپخانەى ڕۆژهەلات، هەولێر.

٢١. ڕەفيق شوانى(٢٠٠١)، چەند بابەتێكى زمان و ڕێزمانى كوردى،چ:١،چاپخانەى وەزارەتى ڕۆشنبيرى، هەولێر

٢٢. ڕوخسار نبى مغديد (٢٠١٦)،بەها كۆمەڵايەتيەكان لە پرۆگرامەكانى خوێندنى كورديدا لەڕوانگەى بۆچوونى هۆشەكييەوە،نامەى ماستەر،فاكەڵتى ئاداب،زانكۆى سۆران.

٢٣. ڕۆسەم محمد ئەحمەد،هێرش كريم حەميد(٢٠١٩)، ڕێكارەكانى فێركردنى زمانى بيانى،گ:زانكۆى گەرميان،ژ ١١.

٢٤. ڕێژنە معروف حسێن(٢٠١٠)،ڕۆڵى شێوەزارەكان لەدەوڵەمەندكردنى فەرهەنگى كورديدا،نامەى ماستەر، كۆلێجى زمان، زانكۆى سەلاحەدين، هەولێر.

٢٥. سالح خليل ابو اسبع (٢٠٠٦)، الاتسال والاعلام فى المجتمعات المعاسره،مكتب اسكندريه، جامعه فلادلفيا، الاردن.

٢٦. سيروان وەلى على (٢٠١١)،ڕەهەندەكۆمەڵايەتييەكانى توند و تيژى لەسەر گەنجان،نامەى ماستەر،كۆلێجى ئەدەبيات، زانكۆى سەڵاحەددين، هەولێر.

٢٧. شاخەوان جەلال فەرەج(٢٠١٣)،پراگماتيك و واتاى نيشانەكان، نامەى دكتۆرا، كۆلێجى زمان زانكۆى سلێمانى.

٢٨. شيلان عوسمان عبدالرحمن(٢٠٠٩)، كارابوونى زمان لە پەيوەندييە كۆمەڵايەتييەكاندا،چ:١، چاپخانەى هاوسەر،هەولێر.

٢٩. شێرزاد سعيد سديق:(٢٠١٩)، ڕەگەز و قسەپێبڕين،گۆڤارى توێژەر،بەرگ:٢،ژ:٣،زانكۆى سۆران.

٣٠. فاطمه دانش پژوه،(٢٠٢٠)،ئێرگەتيف لەزمانى كورديدا، و:شێروان حسێن خۆشناو،چ:١،چاپخانەى ئاوێر،هەولێر.

٣١. ڤيس كاكل تۆفيق(٢٠٢٠)، زمان و ئاين،چاپخانەى ماد، تاران

٣٢. كاوه عبدالكريم ڕەسوڵ(٢٠٠٧)،زمان و پرسەى پەيوەنديكردن،گ:ڕامان،ژ:١١٨،هەولێر.

٣٣. ليا حسن محمد(٢٠١٩)، پەيوەندى نێوان زمان و خەسڵەتەكانى كەسايەتى،گ:زانكۆى ڕاپەڕين،ژ:٦.

٣٤. محمد معروف فتاح(٢٠١١)،زمانەوانى،چ:٣،چاپخانەى حاجى هاشم،هەولێر.

٣٥. محمد معروف فتاح(٢٠١٠)،لێكۆڵينەوە زمانەوانيەكان،چ:١،چاپخانەى ڕۆژهەڵات،هەولێر.

٣٦. محمد حسن عبدالعزيز(١٩٨٣)،المدخل الى علم اللغه،دار النمر، قاهره.

٣٧. نايف خرما(٢٠١٣)،چەند تيشكێك بۆسەر لێكۆڵينەوە زمانەوانييە هاوچەرخەكان،و:شهاب شێخ تيب،چاپخانەى شەهيد ئازادهەورامى، كەركوك.

٣٨. نورى جعفر(١٩٧١)،اللغه والفكر، مكتبه التومى،ليبيا.

٣٩. هێمن عبدالحميد شمس(٢٠٠٦)،شێوازى دەربڕين لەبۆنە كۆمەڵايەتييەكاندا، نامەى ماستەر، كۆلێجى پەروەردە، زانكۆى كۆيە.

٤٠. هێژا کمال غولام (٢٠١٦)،سەنگ و بەهای بیر لەیەکگرتنی ناولێنراودا،نامەی ماستەر،کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤١. هێمن عبدالحمید شەمس(٢٠١٣)،هەژمونی زمان لەسەر کەسێتی کورد،نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٤٢. Kennedy Shanon(2017), An introduction Sociolinguistics,and its impotant in Language Learning,(online at (http//ourlinguiste.com).

٤٣. pan,Yuling (2007)The Role of Sociolinguistics in federal survey Development,Washington.

٤٤. Nisa sarwan (2019), Sociolinguistics, Research Gate

٤٥. (Wardhaugh Roland(2006), An introduction to Sociolinguistics ,fifth Edition,Blackwell publishing,Malden.).

# دور اللغة في العلاقات الاجتماعية (المناسبات الدينیە انموذجا)

م. ڕابەر كاكەڕەش سيد مینە
rabar.kakarash@uor.edu.krd
جامعة راپرين / كلية التربية
د. هاوسەر نوزاد فقێ ابراهيم
hawsar@uor.edu.krd
جامعة راپرين / كلية التربية

**الملخص:**

تعد اللغة وسيلة للتعبير عن افكار الانسان، والتي تتفاوت تبعا للبيئة الاجتماعية ولا يخفى بانه توجد علاقة وثيقه بين اللغة والمجتمع، كما ان اللسانيات في المجتمع تبحث عن علاقه اللغة بالوسائل الاجتماعية والثقافية، ثم تحدد الدور الاجتماعي للغة والروابط اللغوية في بيئة اجتماعية معينة.

وعليه فان هذا البحث، يتكون من مبحثين رئيسيين، يتناول المبحث الاول اللغة عموما واللسانيات الاجتماعية، وكذلك تم عرض الترابط بين اللغة والمجتمع، اضافة الى التعرض للاوجه الرئيسية في الترابط بين اللغة والمجتمع فضلا عن التطرق للغة كظاهرة اجتماعية، ثم تم عرض الوظيفة الاجماعية للغة.

وكذلك تم البحث عن دور اللغة في العلاقات الاجتماعية، وفي الاخير لقد اتخذ ت المناسبات الدينيه نموذجا في هذا الصدد، واختتم البحث باهم النتائج.

**The Role of Language in Social Relations' having investigated 'Religious Celebrations' as an example**


**Abstract:**

Language is a means for expressing human beings' thoughts. Since the relation between language and society is very strong human communication changes based social context. The field of science that studies languages, social and cultural factors that influence language, and identifies the social role of language and intra-language relations within a certain social context is called sociolinguistics.

This study is consists of two major parts. In the first part, language and sociolinguists are discussed in general, and the relationship between language and society is presented, then language is explained as a social phenomenon. In part two, the social role of language and the role of language in social relations are stated. In the last section, religious celebrations are used and discussed as examples, followed by the important results of the research and the references list.




View publication stats